# نەقیزەکەی لالۆم

جەنابي موفەتیش

## هه ڕەشەکەی موتڵەگ

حەمەی برام تێتۆ بیرت دەعفەیەکیان چوی بۆ بەغاو وەختێ هاتیتۆ وتت پێتان بێژم ئەگەرەکو ئێوەیچ وەڕێگواری ڕێتان کەوتە ئەو بەغایەی ئێژی بەحرەو ئەگەرەکو کاورایەکتان لێتائینبێو بێژێ (مای بارد٠٠مای بارد) نەخڵەتاون لێی بسێنن چوون ئەوە هەر بەوراوەکەی لای خۆمانەو ئەو وە پارە وەو ئۆمەتیە ئەفرۆشێ٠

جا حەمەی برام بۆیەکان ئەمتە وەبیر ئەخەمۆ، توێ لەو ساکە فرە خاستر بیرو لای ئەم قەومو قیلتەوێ، ئەوەتا وەبەر چاوی گلایەکمانۆ هێمانێ هیچ نەبوگەو هیچ نەقەوماگە، ئەو موتڵەگە ئێژی خوێنی ها وەلامانۆ، هەڕەشەیەکی وەهای لە حەمگمان کردگە، وە جارێ (سەدامو عەلی کیمیاوی) خستگە بن دەسیو لەسەر ئەو قسەی کاک مەسعود گوایەکان ئەویچ وەدەردی حەمگمان ئەو عەلەمیە نەگەرەکە ئەو حەمگە قەتڵوعامەی ئەم ئۆمەتیە لە ژێرا کریاگەو گەرەکیەوە دەردەکەی ئەوان خراوترمان وەسەربێرێ٠

حەمەی برام، وە بەرزایی ئەو کەلە قورحان وێ و سێوچوارێکیچیان وەو دێوا تل بوویێتۆ، ئەگەرەکو لە ئەلعان وەدواوە، حەمگمان چاوێ نەکەین وە چوار لەوانە سەکارێکمان وەسەر بێرن وە کەوشو کڵاشی خۆمانا نەگەینو ئەوان فێرن برا خۆش خۆش خۆیان ئەکەن وەو دێوی تەلوەنەکاو خۆیچمان لە ئێوارەوە گورگان خوارد بکرێنۆو ئەوساکە ئەنفالو کیمیاوارانەکمان لەچاویا لێبوێتە شاییو لۆغان٠

جا برا خوا ڕاسەو ڕاسی گەرەکە، بۆیەکان ئێژم شەرع شەرمی نەگەرەکە، ئەوەی ئەم هەڕەشەی موتڵەگە لەبیر خۆییو ئۆمەتەکەی بواتۆ، خوا ها وەو ڕاسەرۆ، بێژی حەقی ئەویە نەوێ هەر لە دەر ماڵی خۆیان حەتا لای موتڵەگ وەم نەقیزەی لالۆم وە هەچە دەی هەچە تێی خوڕی؟؟؟